


# یەکەمین لاپتۆپی بێ وایەر

کۆمپانیای dell لە بواری بەرهەمهێنانی ئامێری نوێی دیجیتالیدا ناوێکی نامۆ نییە، بەتایبەتی کۆمپیوتەرەکانی چ دیسکتۆپ و چ لاپتۆپ، لەم رۆژانەدا کۆمپانیای ناوبراو نوێترین لاپتۆپی بێ وایەر کە دەکرێ بڵێین یەکەم لاپتۆپی وایەرلەیسە لە جیهان خستەڕوو.

لاپتۆپی جۆری (Dell Latitude 7285 2-in-1)ی کۆمپانیای dell لە راستیدا ئۆتۆماتیکی شەحن نایێتەوەو بەڵکو بۆ شەحنکردنەوەی پێویستی بە کیبۆردێکی تایبەتە کە هەم ئەرکی شەحن و هەم ئەرکی کیبۆرد ئەنجام دەدات. لاپتۆپەکە گەورە نییەو ١٢ ئینجە رامەکەی ٨ گێگابایتە و هاردی ناوخۆی ١٢٨ گیگایە.

## کیبۆردێکی سەرنـــــــ



کیبۆرد لەکۆمپیوتەردا گرنگترین پارچەی لاوەکییە، بەبێ کیبۆرد بەکارهێنەر ناتوانێت ئەرکەکانی جێبەجێ بکات، لەو چەند ساڵەی دواییدا کیبۆردەکان گۆڕانکاریان بەسەرداهات، هەم لە ستایل و هەم لە تواناکانیاندا.. کیبۆرد دەکرێ بڵێین هەمان ئامێری «تایب»ی کۆنە.. بۆیە لەم ماوەیەدا هەوڵدراوە




## مۆبایل و ریمۆت کۆنترۆڵی گەیم



هەرچەندە کۆمەڵگا لە هەموو شوێنێکی جیهانەوە بەدەست گیرۆدەبوون بەدەست مۆبایلەوە دەناڵێنێ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەهۆی ئەو ئامێرەوە بەرەو سستی رۆیشتوون، بۆ نموونە کەسێك میوانداریت دەکا یان پێچەوانە، لە دانیشتنێکی دە کەسیدا هەمووی سەری بەسەر مۆبایلەکەی داگرتووە، جا یاری بکات یان بە چاتەوە خەریك بێت.. یاری کردن بە مۆبایل ئاسانترە، بەڵام چێژی کەمترە، چونکە شاشەکە بچووکە و بەهۆی نەبوونی دوگمەی تایبەتەوە کۆنترۆڵ کردنیشی ئاسان نییە، بەڵام «کۆنترۆڵێر» یان ئامێری کۆنترۆڵ کردنی گەیم لە مۆبایلیشدا بەرهەم هاتوون و ئەرکەکە ئاسانتر دەکەنەوە. ریمۆت کۆنترۆڵی جۆری MadCatz GameSmart C.T.R.L یەکێکە لەم «کۆنترۆڵێر»انە... بۆ کۆمپیوتەر و ئەندرۆید دەگونجێت، بەتایبەتی بۆ مۆبایلە هۆشمەندە پێشکەوتووەکانی وەك گەلەکسی ٧ نیکسۆس٦ و ئێل جی...تاد. ئەم کۆنترۆڵە وەك دەسکی گەمەی ئێکس بۆکس ٣٦٠ دەچێت. دوو دەسکی ئەنالۆگی ٤ دوگمەیی و دوگمەیەکی هەڵبوون و گەڕانەوەی هەیە..



# ماوسێک ئازار بە مەچەک ناگەیەنێت

ئەوانەی کار بەماوس دەکەن، ئەگەر لە رۆژدا چەند کاتژمێرێکی بەردەوام کار بکەن مەچەکیان تووشی ئازار دەبێت و زۆر جاران تووشی ئەستووربوونی مەچەك دەبێت. هەرچەندە لەمێژە هەوڵدراوە ماوس و کیبۆردی ئۆرگۆنۆمیك بەرهەم بێت، ئۆرگۆنۆمیك بەو واتایە دێت کە ئامێرێك بەکار بێنی کە لە داهاتوودا تووشی ئازارت نەکات، یان خۆت بە جۆرێك کاری پێبکەی لە داهاتوودا تووشی ئازار نەبی.
ماوسە ئۆرگۆنۆمیکەکان گەلێکن، هەندێکیان بەشێوەی ستونی و هەندێکیان بە شێوەی ئاسۆیی کەڵکیان لێوەردەگیردرێت، لە ماوسی ئۆرگۆنۆمیدا مەچەك ناجوڵێت و پەنجەکان ئەرکەکان ئەنجام دەدەن، هەرچەندە تاکو لەسەر ئەم ماوسانە رادێی هەندێکی پێدەچێت. ماوسی ئۆرگۆنۆمی زیاتر بۆ ئەوانەیە کە پەنجەکانیان گەورەن و کارکردن بەو ماوسانە ئاسانترە. ئەو ماوسانە پێویستیان بە «پاد» نییە ئەو دۆشکچەیەی لە ژێر ماوس دادەندرێ.



# مۆنیتۆرێک بۆ وێنەگرانی پیشەیی

کۆمپانیای «بنکیو» مۆنیتۆرێکی نوێی بەرهەم هێناوەکە بە جۆری SW271 ناسراوە، ئەم مۆنیتۆر واتە «شاشە»یە تایبەتە بە وێنەگرانی پیشەیی، چونکە رەنگەکان لەسەر شاشەکە وەك خۆی دەبیندرێن.. خۆی دیقەکەی UHD 4Kیە. شاشەکە بە هەموو لایەکدا دەسووڕێت، کێشی شاشەکە نزیکەی چوار کیلۆیە. بە هەموو لایەکدا دەسووڕێت. شوێنێکی USB 3 جۆری C و ٣ شوێنێکی دیکەی USB 3 جۆری O هەیە لەگەڵ ئەوەشدا شوێنی کێبڵی HDMI هەیە.

# ـــج راکێش و ناوازە



بە هەمان ستایلی «تایب» کیبۆرد بەرهەم بێنن وەك کیبۆردی ناوازەی AZIO. ئەم کیبۆردە لە تواناییدا رەنگە وەك کیبۆردە سەرنج راکێشەکانی مایکرۆسۆفت و ئەپل نەبێت، بەڵام لە ستایل و ناوازەییەدا وێنەکە بۆخۆی دەدوێت.. بە بلوتوس لەگەڵ دیسکتۆپ و لاپتۆپ پەیوەند دەدرێت، سێ رەنگی هەیە و زێڕینەکەی گرانترە لەوانی دیکە..



# وێنەی سەر شاشە دەگوازێتەوە سەر کاغەز



ئـەم ئامێـرەی دەیبینـن بـە رۆبۆتی جـۆری line-us ناسـراوە، بەبێ وایەر بە کۆمپیوتەر و کۆمپیوتەر پەیوەند دەدرێت. دەکرێت هەر وێنەیەکی سەر کۆمپیوتەر و تەبلێت بە سوود وەرگرتن لە قەڵەم دار بگوازێتەوە سەر کاغەز.. بازوویەکـی هونەرمەنـدە ئـەوەی پێـی بسـپێری دەیکێشـێتەوە، رۆبۆتەکـە بەهۆی پرۆگرامێکـەوە کۆنترۆڵ دەکرێـت کـە وەك جوڵەی دەسـتی مـرۆڤ دەچێت، نە تەنیا قەڵـەم دار دەکرێـت فڵچـەی وێنەگرتنیشـی بدەیە دەسـت و لەسـەر هـەر کاغەزێکیـش دەیکێشـێتەوە، کاغـەزی تایبـەت بەخـۆی نییـە، خـۆی شـەحن دەبێتـەوە و ئـەو وێنانـەی بـە کامێراش گیراون دەکێشێتەوە.

# رۆبۆتێک بۆ گەشتیارانی ئاسمانی



**رۆبۆتەکان هەروا دێت و گشـتگیر دەبن، پێدەچێ داهاتوو زیاتر هی رۆبۆتەکان بێت تاکو مرۆڤەکان، بنکەی توێژینەوەی گەشتی ئاسمانی ژاپۆن رۆبۆتێکی بەرهەم هێناوە کە لە هێزی کێش کردنی سفرشدا کار دەکات.**

**لە بۆشـایی ئاسـماندا کە هێزی کێشـکردن نامێنێ بۆیە تەنەکان ناتوانن بە ئاسـانی بجوڵێنـەوە، بـەڵام رۆبۆتـی جۆری Int-Ball ئەو توانایەی هەیە. رۆبۆتەکە توانای هەیە بەشـێوەی ئۆتۆماتیکی لە زەوی وێنە هەڵبگرێتەوە. رۆبۆتەکە هەسـتەوەری ئۆتۆماتیکی، سوڕان و بازدانی هەیە.**

# هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



هەرجـارە خوێنەرێکـی بەڕێـز دەپرسـێت، باتـری لاپتۆپەکـەم ماوەیەکە کێشـەی بۆ هاتۆتە پێش نازانم هۆکارەکەی چییە؟ چۆن بزانم باترییەکەم چەندی ماوە تەواو بێت؟ خوێنەری بەڕێز باتری لاپتۆپ و هەر ئامێرێکی دیکە هەتا هەتایە نییە بگرە باشترین باتریش ئەوپەڕی چەند سـاڵێك دەخایەنێت بۆ ئەوەی کە بزانی باتری لاپتۆپەکەت چەندی ماوە ئەم هەنگاوە بگرە بەر سەرەتا بچۆ سەر run و فەرمانی cmd بنووسە، دوای ئەوە پەنجەرەیەك دەکرێتەوە لـەم پەنجەرەیەدا دەسـتەواژەی powercfg /batteryreport بنووسـە، ئیـدی پەنجەرەیەك دەکرێتەوە گشت زانیارییەکت سەبارەت بە باترییەکەت دەداتێ پێت دەڵێ چەندی ماوە کۆتایی بێت.



# پرۆگرامێکی سێ ڕەهەندی لە گوگلەوە

بە دڵنیاییەوە ئەوانەی کاری 3D دەکەن ناوی پرۆگرامەکانی وەك تری دی ماکس و مایا و پرۆگرامگەلی دیکەیان بیستووە. بەڵام کەم کەس هەیە بزانێت کۆمپانیای گوگل پرۆگرامێکی زۆر بەهێزی بەناوی **Google SketchUp** هەیە.
ئەم پرۆگرامە وەك زۆربەی پرۆگرامەکانی دیکە دەتوانێت کاری سێ ڕەهەندی پێبکرێ وەك دیزاینی خانوو، باڵەخانە و ڤیلا، یا ئۆتۆمبیل و مرۆڤ و هەر تەنێکی دیکە دوای دروستکردنی دەتوانی دەست بکەی بە ڕەنگ کردنی کە زۆر هۆشمەندانە وەك واقیعی لێدەکات.
چونکە پرۆگرامەکە هی کۆمپانیای گوگلە لەگەڵ گوگل مەپ واتە نەخشەی گوگڵ هاوئاهەنگی هەیە و دەتوانی تایبەتمەندی شوێنێکی جوگرافی بدەیە دەستبەجێ وێنەی ئەو شوێنە دێنێتە ناو پرۆگرامەکە.

# ئامێرێک بۆ لەناوبردنی میکرۆبەکان

کۆمپانیای ئێل جی لەم دواییەدا ئامێرێکی بەرهەم هێناوە تایبەتە بە لەناوبردنی میکرۆبی سەر دەستگرەکانی پلیکانەی کارەبایی.
مۆڵ و هایپەرمارکێتەکان لە کوردستان هەروا دێت و زیاد دەبن، زۆربەیان پلیکانەی «قادرمە»ی کارەباییان هەیە، ڕاستە قادرمەکان کارئاسانییەکی زۆر دەکەن، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە زۆربەی خەڵك دەستی پێوەدەگرن و دەستی لێدەدەن جا هەموو جۆرە دەستێك! ئیدی بە سەدان میکرۆب ئالودە دەبن، هی وا هەیە نەخۆشی وا هەیە کە میکرۆبەکانی دەگوازرێنەوە.. بۆ ئەم مەبەستە ئێل جی ئامێری بەرهەم Clear Win هێناوە کە لە تیشکی سەرووی شین کەڵك وەردەگرێ، ئامێرەکە وزەی خۆی لە خودی جوڵەی قادرمەکە وەردەگرێت. بەهۆی ئەو ئامێرەوە خەڵکێکی زۆر لە نەخۆشی دەپارێزرێن.

# سایتێک بۆ کوژاندنەوەی گڵۆپی ماڵەوە



هەندێك سایت هەن کە ڕاستە هیچ زانیاری یان سوودێکی ئەوتۆیان نییە و زیاتر تایبەتن بە سەرگەرمی و کات بەسەر بردن، بۆ نموونە سایتی http://anasomnia.com/ دیارە ئەم سایتە ڕەنگە لە کوردستان زۆر سوودی نەبێت، چونکە تایبەت بە کوژاندنەوەی گڵۆپەکانی ماڵەوە و کارەبا کەمتر بە کارهێنان، لێرە بەناشکوری نەبێت کارەبا ئەوەندە نییە هەتا پێویست بکات گڵۆپەکان بکوژێنینەوە.. کاتێك سەر لەم سایتە دەدەی، سایتەکە سوود لە کامێرای مۆبایل یا لاپتۆپەکەت وەردەگرێ، کاتێك کە گشت گڵۆپەکانت کوژاندنەوە یان ڕووناکیەکی کەم هەبوو ئەنیمەیشنێك نیشان دەدات..